گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مافەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستان

**رێکان عبدالله محمد**
بەشی یاسا, کۆلێژی یاسا , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، هەرێمی کوردستان ، عێراق
Rikan.mohammed@su.edu.krd

**پ.د. عبدالملك یونس محمد**
بەشی یاسا, کۆلێژی یاسا , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، هەرێمی کوردستان ، عێراق
Abdulmalik.mohammed@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/٢١
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٦
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
*Internal Security Forces,*
*Financial Rights,*
*Non-Financial Rights,*
*Salary,*
*Retirement Rights.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.18

## پوختە

مافەکانی خزمەتی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ خۆی دەبینێتەوە لە مافە دارایی و نادارایییەکان, کە ئەوانیش پێك دێن لە مووچەو دەرماڵەو سەرمووچەو پاداشت و پایە بەرزکردنەوە و پلە بەرزکردنەوە و دەستکەوتە داراییە هەمەجۆرەکان وە هەروەها مافەکانی خانەنشینی لە مووچەی خانەنیشینی و پاداشتی کۆتایی خزمەت. سەبارەت بە مافە نادارایییە جۆراو جۆرەکان کە بریتین لە مافی مۆڵەتە جۆراو جۆرەکان وە فەرمانە کارگێریە تایبەتیەکان بە سوپاس و پێزانینەکان و وە ئەوانی تریش.سەرجەم ئەم مافانە رێکخراوە بە دەقە یاساییە جۆراوجۆرەکان, لەنێویشیان یاساکانی پەیوەندیدار بە کاروباری خزمەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ, و یاسا گشتیە یەکگرتووە رێکخراوەییەکانی کاروباری وەزیفەی فەرمانبەری گشتی بەشێوەیەکی گشتی. ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە باسکردنی سەرجەم ئەم مافانە لە رێگای پێناسەکردنی ئەم مافانە لە ڕووی ناوەرۆك و مەرجەکانی شایستەبوون و خستنەڕووی کاتەکانی و چۆنیەتی خەرجکردنی ئەم شایستانە, لەگەل ئاماژەدان بە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق بەیەکەوە لەوەی پەیوەندیداربێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەو مافانەوە, وە هەروەها لایەنە کارگێرییە تایبەتمەندەکان پێویستە ڕەچاوی یاسابکەن لە پێدانی ئەم مافانە.

## پێشەکی

### یەکەم - بابەتی توێژینەوە:

ئەوەی چەسپاوە لە یاسای کارگێری لە بواری وەزیفەی گشتی کە پەیوەندی فەرمانبەر بە کارگێریەوە وە لەنێویشیاندا پیاوانی پۆلیس بریتیە لە پەیوەندیەکی رێکخراوەیی کە یاسا و پەیڕەوەکان حوکمیان دەکات، یاسادانەری عێراقی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی تایبەتکردوە بە یاسایەکی سەربەخۆ ئەویش یاسای خزمەت وخانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەمواکراو، وە بەرکارە لە هەرێمی کوردستان / عێراق، وە ئەم یاسایە هەموو ئەوانەی پەیوەندیدارن بە خزمەتی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ روون کردۆتەوە, وە هەروەها یاسادانەر ئاماژەی داوە و دڵنیای کردۆتەوە لەمادده (٨٦) ئەم یاسایە کە هەموو ئەوشتانەی لەم یاسایە نەهاتوون ئەوە جێ بەجێ دەبێ لەسەریان رێسای گشتی خزمەتی شارستانی یان رێساکانی حوکمەکانی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراوی بەرکار وە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١٤ وە یاسای مووچەی فەرمانبەری دەوڵەت ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠٠٨. ئەوەی پەیوەندیداربێ بە سەرپێچیەکانی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ملکەچی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراقی ژمارە (١٤) ساڵی ٢٠٠٨ وە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧) سالی ٢٠٠٨هەموارکراو، ئەوەی گرینگە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو جێ بەجێ دەبێ لە هەر حاڵەتێك کە یاسای خزمەت وخانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) سالی ٢٠١١ هەموارکراو دەقی لەسەر نەداوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم - گرینگی بابەتی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوەکە گرینگی هەڵگرتنی مافەکانی خزمەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ خاوەنەکانیان لەخۆدەگرێت، بەو پێیەی ئەوان وەک کارمەندی ئیدارەی ئەمنی وەسف دەکرێن کە پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیانیان پێ سپێردراوە. بۆیە پێویستی بە وردی و دڵنیایی هەیە لە هەڵبژاردن و دانانیان و پێدانی ئەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە هاوتای ئەو ئەرکانە بێت کە پێیان سپێردراوە، وەک مووچە و دەرماڵە و پاداشت کە گەرەنتی ژیانێکی شایستەیان بۆ دەکات. بە پێچەوانەوە گەندەڵی لەم دەزگا گرینگیەی دەوڵەت بڵاودەبێتەوە.

هەروەها گرنگی بابەتەکە لەوەدایە کە ڕۆشنایی بخرێتە سەر سروشتی ئەو مافانە و پاراستنیان بەپێی ئەو دەقە یاساییانەی بۆیان دیاری کراوە، هەروەها دڵنیابوون لە پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان لە پێدانی مافەکانیان لەوکاتەی شایستە دەبن کە مافی خۆیان کە بە دەق دیاری کراون، هەموو ئەمانەش لە پێناو پاراستنی کارایی کارەکانی خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان و دەستەبەرکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابووریی بۆ ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن.

## سێیەم - کێشەکانی توێژینەوە:

کێشەکانی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لەم کێشانەی خوارەوە:

1 - ئایا مافەکانی خزمەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ جیاوازە لە مافەکانی فەرمانبەری گشتی لە ڕووی جۆر و سروشتیەوە؟ وە تاچەند یاسای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ چارەسەری حالەتەکانی مافەکانی خزمەت و خانەنشینی تاکەکانی ئەم هێزەی کردووە, بەجیاکراوەی لە چارەسەرەکانی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ هەمواکراو؟

2 - جۆراو جۆری شێوازەکان یاسادانەری عێراقی پێی وەرگرتووە لە ڕوونکردنەوەی مافە داراییەکان و ناداراییەکانی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وە جیاوازی حوکمە یاساییەکانی پەیوەندیدار بەو مافانە کە ئەمەش دەبێتە هۆی هێنانە کایەی نا ڕوونی ئەو حوکمانە وە دژ بەیەك لەو دروستکردنی دابەشکردنە لە لایەن چاودێران لەسەر جێ بەجێکردنی سەرجەم حوکمەکان و ڕێگری کردن لەو مافانە بە پێی بیروبۆچوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسی وە جیاوازیان لە زۆربەی حالەتەکان رێگریکردن لێیان لە شایستەکانیان لە نێوان هێزەکانی ئەم چینە.

3 - چۆنیەتی پاراستنی مافە داراییانەکان و مافە نادارایییەکان لەڕووی ناوەرۆك و کاتەوە.

**چوارەم - رێبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەماندا رێبازی شیکاری و وەسفی دەگرینەبەر بۆ وەڵام دانەوەی کێشەکانی کە چوارچێوەی بەو بابەتە لە رێگەی لە چوارچێوەی دەقە یاسایەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکە وە خستنە ڕووی بۆچوونی یاساناسان و بۆچوونە دادوەرییەکان بۆ گەیشتن بە چارەسەرە یاساییەکان لە چوارچێوەی سەرجەم دەقە یاساییەکان کە حوکمی بابەتی توێژینەوەکە دەکەن.

**پێنچەم - پلانی توێژینەوە:**

بۆ چارەسەرکردنی بابەتی تۆێژینەوەکەمان هەلدەستین بە دابەشکردنی توێژینەوەکەمان بۆ دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە مافە کارگێریە نا دارایییەکان دەکەین و دابەشی دەکەین بەسەر دوو لق لە لقی یەکەم باس مافی پلە بەرزکردنەوە دەکەین، وە لە لقی دووەمدا باس مافی وەرگرتنی مۆڵەت دەکەین، وە تەوەرەی دووەم تەرخان دەکەین بۆ مافە دارایییەکان و دابەشی دەکەین بەسەر سێ لق لە لقی یەکەم تیشک دەخەینە سەر مافی وەرگرتنی مووچە و دەرماڵەکان و لە لقی دووەم باس لە مافی وەرگرتنی سەرموچەی سالانە دەکەین، وە لە لقی سێیەم باس لە مافەکانی لە خانەنشین بوون دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم: مافە کارگێریە نا داراییەکان

بۆ لێکۆڵینەوە کردن لە مافە کارگێریە نا دارایییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ دوو لق و لە لقی یەکەم دا باس لە مافی پلە بەرزکردنەوە و پایە بەرزکردنەوە دەکەین وە لقی دووەم تایبەت دەکەین بە مافی مۆڵەت وەرگرتن و پشووەکان، بەم شێوەی خوارەوە:

**لقی یەکەم: مافی پلە بەرزکردنەوە (الترفيع)**

پلەبەرزکردنەوە بریتییە لە پێشخستنی پلەکان لە پلەبەندی فەرمانبەرایەتی لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا لە سەرەتاوە بۆ لوتکە،ئەفسەر وکارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەو مافەیان هەیە لە بەرواری دامەزراندنیانەوە، دامەزراندنی ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە نزمترین پلە لە پلەبەندی پلەدارەکاندا، جا چ بۆ ئەفسەرێك بێت یان کارمەندێك وەك پێشکەوتنێکی ڕاستەوخۆی بەرپرسیارێتی لەگەڵ پێشکەوتنی ڕیزەکان بۆ لوتکەی هەرەمی پێکهاتەیی دامەزراوە ئەمنییەکان، بۆیە هەموو یاساکان پرسی پلەبەرزکردنەوە ڕێکدەخەن ئەویش بەهۆی گرنگییەکەی لە ڕێک بەڕێوەبردنی کارەکان و مافی فەرمانبەرایەتی، بەتایبەتی لە دامەزراوەی ئەمنیدا، وە کاری ئەمنی پێویستی بە بوونی جیاوازی لە پلەدا هەیە بە شێوەیەکی پلەبەندی کە لە ڕێگەیەوە بڕیاری ئەمنی و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی دەگوازرێتەوە، بۆیە بە وردی باسی ئەم بابەتە دەکەین، جیاوازی دەکەین لە نێوان پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەرەکان لەگەڵ کارمەندان، لە خوارەوە بە جیا باس لە هەر یەکێکیان دەکەین:

**یەکەم- پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەر**

دەمانەوێت زیاتر تیشك بخەینە سەر گرنگی پلەبەرزکردنەوە لە نێوان ئەفسەرەکاندا بەهۆی وەرگرتنی پۆستی بەرزتر بەپێی پێشخستنی پلەکانیان، لەکاتی پێداچوونەوە بە دەقە پەیوەندیدارەکانی یاسای عێراقدا، بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەر پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەری لە یاسای خزمەت و خانەنشینی بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ڕێکخستووە، کە لە نزمترین پلە دەستپێدەکات کە پلەی ملازم دووە، لەگەڵ دەرچونی بڕیاری دامەزراندن و تەواوکردنی کۆلێژی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەو پلەیە وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی ماوەی ئەزموونی وماوەی قوتابی لەکۆلێژی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەژمار بکات، بۆیە ماوەی پلەبەرزکردنەوە بۆ ملازم لە بەرواری دامەزراندنیەوە وەک ئەفسەر هەژماری بۆ دەکرێت، لە بەرواری دامەزراندنیەوە بە تێپەڕ بوونی سێ ساڵ پلەکەی لە ملازمی دووەم بەرز دەبێتەوە بۆ ملازمی یەکەم، تا پلەی رائد بە هەمان شێوە پێویستی بە سێ ساڵە، بەلام پلەبەرزکردنەوەی پلەی رائد بۆ پلەکانی سەرووی خۆی تا پلەی عەمید، چوار ساڵە لە پلەی عەمید بۆ پلەی لیوا شەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵە، پاشان بە هەمان شێوە بۆ فەریق شەش ساڵە کە دوا پلەی ئەفسەری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە لە عێراق [(1)].

**دووەم- پلە بەرزکردنەوەی کارمەندان**

کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە عێراق لەپلەی پۆلیس تا پلەی ڕێپێدراوی پلەیەك دەگرێتەوە ،ئەم پلانەش بە شێوەی پلەبەندی لە ڕێگەی پلە بەرزکردنەوە دێن[(2)].

یاسای عێراق پلەبەرزکردنەوەی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق ڕێکخستووە بەم شێوەیە کە دوای ساڵێك لە دامەزراندنی لە پلەی پۆلیسی پیادە (شرطی مشاة) پلەکەی بەرز دەبێتەوە بۆ پۆلیسی پیادەی پلە یەك (شرطی اول)، وە دوای دوو ساڵ لە پۆلیسی پیادەی پلە یەکەوە بۆ پلەی پۆلیسی پیادەی پلە دوو پلەکەی بەرز دەبێتەوە(نائب عريف)، وە هەروەها دوای تێپەربوونی ماوەی سێ ساڵ لە پۆلیسی پیادەی پلە دوو بەرز دەبێتەوە بۆ پۆلیسی پیادەی پلە سێ(عريف)، دوای سێ ساڵ لە پۆلیسی پیادەی پلە سێ دەبێتە پۆلیسی پیادەی پلە چوار(رئيس عرفاء)، پاشان بەپێی ڕێنماییەکان ئەگەر بڕوانامەی هەبێت و دوای بەژداریکردنی لەخولێکی مەشق و شیاندن کەلایەنی جەستەی و پەروەردەی وفێرکردن وئاشاناکردنیان بەیاساو ڕێنماییەکان دەگریتەوە، دوای ئەوە لە پۆلیسی پیادەی پلە چوار دەبێتە ڕێپێدراوی پلە هەشت دوای سێ سال لە ڕێپێدراوی پلە هەشت دەبێتە ڕێپێدراوی پلەی حەوت، بە هەمان شێوە سەرجەم پلە بەرزکردنەوەکان پێویستی بە تێپەڕبوونی سێ ساڵ هەیە تاکو دەگاتە بەرزترین پلە ڕێپێدراو کە بریتیە لە ڕێپێدراوی پلە یەك[(3)].

یاسادانەری عێراق ڕێگەی بە پلەبەرزکردنەوەی پلەی ڕێپێدراوی بۆ پلەی ئەفسەر نەداوە، جگە لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆ، هاوکات پابەندبوون بەمەرجی تەمەن و هەندێك مەرجی جەستەیی و ڕەوشت و هەندێك ڕێنمایی تر و تەواوکردنی خولێکی کۆلێژی پۆلیسی

(1) مادەی (٩) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.
(2)قيصر محمد العزاوي، الحماية الجنائية لشرف الوظيفة في تشريعات قوي الأمن الداخلي " دراسة مقارنة "، المركز العربي للدراسات والبحوث العلمية، مصر، ٢٠٢١.
(3) مادەی (٢١) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە ماوەکەی ساڵێکە بەپێی یاسای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پاشان دەبێتە ئەفسەر[4] .

## لقی دووەم: مافی لە وەرگرتنی مۆڵەتەکان

وەرگرتنی مۆڵەت یەکێکە لە مافەکانی ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، رێسای گشتی لەم بوارەدا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ مافی کەڵك وەرگرتن وسودمەندبوونی هەیە لە مۆلەتەکان، هەروەها مافی خۆیەتی کە موچەکەی بە بێ کەم و کوری وەربگرێت لە ماوەی وەرگرتنی مۆلەتەکانیدا، مەگەربێت و یاسا جگە لە وەی داوا کردبێت[5]، بە پشت بەستن بە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەتوانین مۆلەتەکانی ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە مانەی لای خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

## یەکەم: مۆڵەتی ئاسایی

هە موو کارمەندانی پۆلیس و ئەندامێک لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ مافی وەرگرتنی مۆڵەتە ئاساییەکانی هەیە کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەدرێت:

ئەندامان و کارمەندانی پۆلیس لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ مافی وەرگرتنی مۆلەتی ئاسایی هەیە بە مووچەی تە واو بەرێژەی یەك رۆژ لە هەموو دە رۆژێك لە ماوەی خزمەتەکەی هەر وەک لە مادەی (٢٦/ یەکەم) دەقی لەسەر داوە لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ[6].

---

(4) مادەی (٢١) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.

(5)ماهر صالح علاوي الجبوري، مبادئ القانون الإداري، الطبعة الأولى، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، العراق، ٢٠٠٠ ، ص١٧٦.

(6) بڕوانە مادەی (٢٦/ یەکەم) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە ڕێگەپێدراوە کە مۆڵەتەکان کەڵەکە بن بۆ ماوە ی (١٨٠) ڕۆژ بەو مەرجەی کە بۆ هەر جارێك زیاتر لە (١٢٠) ڕۆژ زیاتر نەدرێت بە مووچەی تە واوە بە مەرجێک لەو مۆڵەتە ئاساییانەی کە بۆی کۆبۆتەوە بە درێژایی خزمەتی زیاتر نەبێت[7].

داواکردنی ئەم مۆڵەتەش بە داواکاری نوسراو دەدرێت و نابێ ئەو مۆڵەتە ڕەتبکرێتەوە بە هۆی بەرژەوەندی گشتی بۆ ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە مێژووی یەکەم داواکردنی.

**دووەم: مۆلەتی نەخۆشی**

ئەگەر هاتوو لێهاتوویی جەستەیی لە مەرجەکانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتی زامنی هەستانی فەرمانبەری گشتی بێت بە ئەرکەکانی وەزیفەکەی بێ هیچ جۆرە بەربەستێکی تەندروستی، ئەوا بەردەوام بوونی ئەم مەرجە بەدەستی کەس نییە، چونکە مرۆڤ هەرچەند خاوەنی لێهاتوویەکی تەندروستی باش بێت، بەڵام لەهەرکاتێکدا بێت ئەگەری دووچار بوونی هەیە بە نەخۆشی کە دواجار ببێتە هۆی پەککەوتنی لەکارکردن ئەگەر هاتوو پیاوانی پۆلیسی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت، لەبەر ئەوە یاسادانەر لەیاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا پێداگری کردۆتەوە لەسەر ڕێکخستنی ئەم بابەتە بە جۆرێك بەرژەوەندی فەرمانبەری نەخۆش و بەرژەوەندی کارو وەزیفەی کارگێری لەیەك کاتدا بەدی بهێنێت، کە پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی لەسەر ئەنجامی ڕاپۆرتی لێژنەی تایبەتمەند دەبێت[8].

**سێیەم: مۆلەتی دووگیانی و لەدایك بوون**

ئافرەتی (ئەفسەر یان کارمەند ) لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ شایستەی سوود وەرگرتن دەبێت لەمۆڵەتی دووگیانی ولەدایك بوون بە پێی دەقەکانی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو، ئافرەتی دوو گیان لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ مافی وەرگرتنی مۆڵەتی

---

[7] محمد سامي مظلوم، الإطار القانوني للنظام الإنضباطي لقوى الأمن الداخلي؛ دراسة مقارنة، منشورات زين الحقوقية، لبنان، ٢٠٢٠، ص ١٠١.

[8] جواد كاظم حميد عطية، دور مجلس الدولة حقوق الخدمة لقوى الأمن الداخلي،ماستەرنامە، کۆلێژی یاسا، زانکۆی مستنسریە، ٢٠٢٢، ل١٧.

دەبێت بۆماوەی (٧٢) رۆژ بەمووچەی تەواو، بەومەرجەی کە بەلای کەمەوە (٢١) رۆژی مۆلەتەکە پێش لەدایك بوون بێت، ئەم مۆڵەتەش دووبارە دەبێتەوە هەرچەندە دووگیان بوون ولەدایك بوون دووبارە ببێتەوە[9].

### چوارەم: مۆڵەتی دایکایەتی

ئافرەتی (ئەفسەر یان کارمەند ) لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ شایستەی سوود وەرگرتن دەبێت لەمۆڵەتی دایکایەتی بە پێی دەقەکانی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو[10]، ئامانجی ئەم مۆڵەتە پێدانی بواری خۆتەرخانکردنی ئافرەتی (ئەفسەر و کارمەندە) لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ چاودێری کردنی کۆرپەکەی کەتەمەنی یەك ساڵی تێنەپەراندبێت، ماوەی ئەم مۆلەتە بریتییە لە یەك ساڵ و دەکرێت ئافرەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ چوار جار لە ژیانی وەزیفی خۆیدا کەڵکی لێوەربگرێت[11].

### پێنجەم: مۆڵەتی خوێندن

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەرێگای یاسای ژمارە (14) ی ساڵی 2009 هەستا بە هەموارکردنەوەی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24) ی ساڵی 1960 هەموار کراو کە لە یاساکەدا هاتووە[12]:

بۆ وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی نەبەستراوە بە وەزارەت هەیە تا مۆڵەتی خوێندن لەدەرەوەی عێراق بدات بەو فەرمانبەرەی هەلگری بروانامەی زانکۆیی بەراییە یان باڵایە و ماوەی (٢) سالی خزمەتی وەزیفی فیعلی تەواوکردووە پاش دوایین بڕوانامە و بەهەموو ئەوەی وەری دەگرێت

---

[9] برگەی (شەشەم) لە مادەی (٤٣) لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ هەمواركراو.

[10] بڕوانە مادەی (٣١) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی هێزەکانی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.

[11] صالح أحمد صالح يوسف، انتهاء خدمة الموظف العام في القانون المقارن، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، مصر ٢٠٢١, ص ١٣٠.

[12] مادەی (٥٠) لە یاسای خزمەتی شارستنی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەمووچەو دەرماڵەجێگرەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە، ئەوەی وەری دەگرێت لەمووچە و دەرماڵە جێگرەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە بۆئەو ماوەیەی کە خوێندنەکە دەیخوازێت لەگەل فێربوونی زمان بەگوێرەی ئەو مەرجانەی کە متمانەی کراوەتە سەر بۆ قوتابیانی نێردە.

دووەم: وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بەوەزارەت بۆی هەیە کە مۆلەتی خوێندن ناو عێراق بدات بەو فەرمانبەرەی کە (٢) سالی خزمەتی فیعلی تەواوکردووە لەپاش بەدەستهێنانی دواین بڕوانامە، بەهەموو ئەوەی وەری دەگرێت لە مووچە ودەرماڵە جێگیرەکان بۆبەدەستهێنانی:

١- بڕوانامەی باڵا بۆ ئەوانەی بڕوانامەی زانکۆیی بەراییان هەیە بۆماوەی دیاری کراو بۆ خوێندنەکە و دەکرێت ئەم ماوەیە درێژ بکرێتەوە  بە مەرجێك زیاتر نەبێت لە (١) یەك سال ئەگەر پێویستی کرد.

ب- بڕوانامەی دبلۆم دوای خوێندنی ئامادەیی بۆماوەی (٢) سال.

ت- بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی (بەکالۆریۆس) دوای خوێندنی ئامادەیی بۆماوەی (٤)چوار سال

.

سێیەم: مەرجە بۆ پێدانی مۆلەتی خوێندن کەبابەتی خوێندنەکە پەیوەندی بە تایبەتمەندی فەرمانبەرەکەوە هەبێت و لەبەر رۆشنایی پێداویستی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت بێت[13].

[13] یاسای ناوبراو دەقی لەسەر ئەوە هێناوە کە دەبێت فەرمانبەری کەوتوو (فاشل) لە خوێندندا تێچووی خوێندنەکەی بگریتە ئەستۆ کە بۆی خە رج کراوە و لە نێویشیاندا مووچەی وەزیفەکەی کە وەری گرتووە لەگەل کرێی سەفەرەکەی ، بەڵام گەر هاتوو کەوتووەکە بەهۆی نەخۆشیەوە بوو وە راپۆرتی پزیشکی لیژنەی پزیشکی رەسمی تایبەتمەند پشتراستی دەکردەوە یان بەهۆی بارودۆخی ناهەموار (ظروف القاهرة) کە رێگربوو لە درێژەدانی فەرمانبەر لە خوێندنەکەی پشت راستی دەکردەوە ئەوا بە دەردەکرێن لەم حوکمە، بڕوانە؛ د.زانا رەئوف حەمەکەریم و د. دانا عەبدولکەریم سەعید، بنەما گشتیەکان لە یاسای کارگێڕیدا، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، کتێبخانەی یادگار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی یاسایی، ٢٠٢٠، ل٢٦٢.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**شەشەم: مۆلەتی عیدە (مۆلەتی فەرمانبەری ژن کە هاوسەرەکەی وەفاتیکردووە)**

ئافرەتی (ئەفسەر یان کارمەند) لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ مافی وەرگرتنی مۆڵەتی عیدەی هەیە بۆ مردنی هاوسەرەکەی بۆ ماوەی (١٣٠) ڕۆژ، پالپشت بە برگەی (سێیەم) لەماددەی (٤٣) لەیاسای یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو، کە هەموارکراوە بەیاسای ژمارە (١٢) ی سالی ٢٠٠٧، ئەو فەرمانبەرە ژنەی کە هاوسەرەکەی وەفات دەکات مۆڵەتی عیدەی پێ دەدرێت بۆماوەی (١٣٠) سەد وسی ڕۆژ بەمووچەی تەواو لەبەرواری وەفاتی هاوسەرەکەی کە لە بروانامەی مردنەکەیدا جێگرکراوە.

**حەوتەم: مۆڵەتە تایبەتەکان**

یاسادانەر لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو دەسەڵاتی داوە بە وەزیری ناوخۆ کە ئەم مۆڵەتانەی خوارەوە بدات بە پیاوانی پۆلیس بە مووچەی تەواو[14]:

١. مۆڵەتی بەجێهێنانی حەج بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ بە مووچەی تەواوی خۆی بۆ یەک جار بە درێژایی خزمەتی.
٢. مۆڵەتی بەجێهێنانی عومرە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ.
٣. مۆڵەتی هاوسەرگیری بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ بە مووچەی تەواو.
٤. مۆڵەتی دەرەوەی عێراق.
٥. مۆڵەتی (٧) ڕۆژ بۆ هەر (٣٠) ڕۆژ جارێک کە ناکرێت کۆبکرێتەوە تایبەت بۆ ئەو پیاوە پۆلیسانەی کە لە ڕەوشێکی سەخت و خراپ یان لە ناوچەیەکی دوورە دەست کاردەکەن.

لە کۆتایدا جگە لەو مافانەی کە پیشتر ئاماژەمان پێیدا، تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ جگە لەهەبوونی مافە دارایی ونادارابیەکان هەندێکد مافی تریان هەیە بەپێی سروشتی کار وئەرکەکانیان وەردەگرن لەوانە مافی هەڵگرتنی چەك بۆ بەرگری کردن لە خۆیان لە حاڵەتی هەبوونی ڕووبەڕوونەوەی مەترسی لەبەهۆکاری وەزیفەکەیان، لەلایەکی

(14) بڕوانە مادەی (٣١) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ترەوە ئەندامی رێکخستنی دادوەری پاڵپشت بە ماددەی (٣٩) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی ژمارە (٢٣)سزای ١٩٧١ هەمواركراو.

## تەوەرەی دووەم: مافە داراییەکان

مافە داراییەکانی ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ مافی مووچە و دەرماڵەکان و مافی سەرمووچەی ساڵانە و مافەکانی لە خانەنشینی دەگرێتەوە، لەسەر ئەم بنەمایەش ئەم تەوەرەیە دابەش دەکەین بەسەر سێ لق، لقی یەکەم باس لە مافی وەرگرتنی مووچە و دەرماڵەکان دەکەین وە لە لقی دووەم باس لە مافی وەرگرتنی سەرمووچەی ساڵانە دەکەین وە لقی سێیەم تەرخان دەکەین بۆ مافەکانی لە خانەنشین بوون بەم شێوەی خوارەوە:

### لقی یەکەم : مافی وەرگرتنی مووچە و دەرماڵەکان

### یەکەم: مووچەی فەرمانبەرایەتی( وەزیفی)

پاڵنەری سەرەکی لەپێشکەشکردنی کەسێک بۆ چوونە ناو وەزیفەی گشتی بریتیە لەدەست راگەیشتنی بەمووچەیەک کە لە بەرامبەر کارکردن لە خزمەتی وەزیفی وەری دەگرێت، هەروەها مەبەست لێی برێك پارەیە کە فەرمانبەر مانگانە و بەشێوەیی دەوری بەردەوام وەری دەگرێت لەبەرامبەر خۆتەرخان کردنی بۆ کارکردن لەخزمەتی ئەو وەزیفەی کە لە ئەستۆی گرتووە[15]، فەرمانبەر شایستەی ئەم مووچەیە دەبێت لەبەرواری دەستبەکاربوونی لەئەرکە وەزیفیەکەیدا نەك لەبەرواری دەرچوونی بریاری دامەزراندنەکەی، هەروەها مووچە بەگوێرەی یاسای راژەی شارستانی دیاری دەکرێت لەسەر دوو بنەمای سەرەکی کە بریتین لە:-

١. بروانامەی خوێندن.
٢. ماوەی خزمەتی فەرمانبەر لە وەزیفەکەیدا.

سەبارەت بە دیاریکردنی مووچەی ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە لە مادەی (٨) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١

---

[15] د. عدنان عمرو، مبادیء القانون الإداري، ط٢، منشأة المعارف، الإسكندرية، ٢٠٠٤، ل٢٣٩.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەمواركراو دا هاتووە دیاریكردنی مووچەكانیان بە پێی یاسایی خزمەت و خانەنشینی سەربازی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەمواركراو دەبێت، وە ئەم یاسایەش دیاری كردنی مووچەی هێزەكانی ئاسایشی رەوانە كردووە بۆ یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەبێت لەگەڵ ئەوەشدا لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ تەنها خشتەی مووچەی لە پاشكۆی یاساكەدا هاتووە بۆیە بۆ رێساكانی تر دەچینەوە سەر یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی.

## دووەم: دەرماڵەكان

دەرماڵەكان بریتین لەبڕێك پارە كە فەرمانبەر مانگانە یان لە ماوەیەكی دیاریكراودا وەری دەگرێت و یاسا دیاری دەكات، هەروەها دەدرێت بە فەرمانبەر بە شێوەی بڕێكی مانگانەی بڕاوە (مقطوع) یان لەسەر شێوازی رێژەیەكی دیاریكراوی مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرەكە، دەرماڵەكانیش كاتێك دەدرێن بەفەرمانبەر مەبەست لێیان بەدی هێنانی مەبەستێكی دیاریكراوە (16)،كە بریتین لە:

(16) لە دەقی ماددەی (٥١) لە یاسای راژەی شارستانی دا هاتووە كە :
١- رێگە پێدراوە كە ئەم دەرماڵانەی لای خوارەوە بەپێی
ئەو رێنماییانەی كە وەزیری دارایی دەری دەكات بدرێت بە فەرمانبەر:-
أ/ دەرمالەی هەستان بەگرتنە ئەستۆی ئەركەكانی وەزیفەیەكی چۆل بە شێوەیەكی بریكار و بە رێژەیەك كە (٢٠) ی مووچەی وەزیفە چۆلەكە تێپەرنەكات.
ب/ كرێیی كاری سەرەرای لە دەرەوەی كاتەكانی دەوام بەو مەرجەی كە (٢٥%) مووچەی مانگانە تیپەرنەكات.
ت/ ئەو دەرمالانەی لای خوارەوە بۆ فەرمانبەران و (مستخدم)ەكان لەدامەزراوە تەندروستیەكاندا خەرجدەكرێت.
یەكەم/ لە برِی لە ناوبردنی پەتا و درمە بەربڵاوەكان بەریژەیەك كە (٢٥%) موچەكەیان تێپەر نەكات لە ماوەی هەستانیان بە كاری فیعلی پەیوەندیدار بەو كارە، هەروەها ئەم دەرماڵە دەدرێت بەو فەرمانبەر و (مستخدم)انە ی كە هە ڵدەستن بە ئەركێك لە پزیشكی دادوەری و هە روە ها لە لقەكانی بە كتریولوژی و تیشك یان ناوكی - (الذرة) یاخود نە خوشیەكانی سیل و گەڕی و ئەوانەی كە لە نەخوشخانە جیا كراوەكان (العزل) یان ئە و نەخوشخانانەی كە بەونەخوشیانەی كە بەتا (الحمیات )دەناسرینەوە ئەو پزیشكانەی كە هەڵدەستن بەوتنەوەی بابەتێك كە (سریری) نین ، بە لام پزیشكانی داد ئەم دەرماڵەیان پێدەدرێت بەرێژەی (٥٠%) ی موچەكانیان. دووەم/ لە برِی كاركردن لە مەلبەندە گەڕۆكەكان بەرێژەی (٢٥%) ی موچەكانیان. سێیەم/ لە برِی نورینگە پزیشكییەكان و دەرمانخانەكان

١. تا فەرمانبەر بتوانێت رووبەرووی داخوازییە ئابورییەکان ژیان ببێتەوە بە شێوەیەك کە دەستەبەری ئاستێکی گونجاو لەژیانی کۆمەڵایەتی بۆ بکات.

٢. بۆ جیاکردنەوەی فەرمانبەری شارەزا لەفەرمانبەرانی دیکە، چونکە سروشتی کارەکەی پێویست بە لێهاتووی (کەفائەت) زانستی یان هونەری داواکراو هەیە لەوەزیفە کارگێرییەکانی تردا.

لە نمونەی ئەم دەرماڵانە :

أ. دەرماڵەی خێزانی

بریتییە لەبرێك پارە کە دەدرێت بە فەرمانبەر بە ناوی دەرماڵەی هاوسەرێتی و مناڵ، هەروەها ئەم دەرماڵەیە خەرج دەکرێت بۆیەکێك لەهەردوو هاوسەرەکە گەر هاتوو هەردووکیان فەرمانبەربوون[17].

بەریژەیەك کە (٢٥%) ی موچەکانیان زیاتر نەبێت وەك قە رەبووویەك لە بریی نورینگە و دەرمانخانەکانیان کاتێك رێگەیان پێنادرێت بە پیادەکردنی پیشەکانی خۆیان بکەن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لە دەرەوەی دەوام و بە مەرجی هەستانیان بە کاری سەرەرایی. چوارەم/ بەو پەرستارانەی کە لە نەخۆشخانە و مە لبەندە سە ربازییەکان کاردەکەن بەرێژەی (٦) دینار مانگانە بەو مەرجەی لە حالەتی گواستنەوەی راژەیان بۆ دامەزراوەیەکی تەندروستی دیکە لێیان بربردرێت. پێنچەم/ دەرماڵەك بە رێژەی (٢٥%) لە موچەکانیان دەدرێت بەو فەرمانبەر و (مستخدم) انە ی کە لە دامەزراوە ڤێتێرنەرییەکاندا کاردەکەن لە کاتی هەستانیان بە لە ناوبردنی نەخوشیە پەتاییەکان .

پ- پێدانی دەرماڵەك بەرێژەی (٢٥%) لە مووچە بە هەلگرانی بروانامەی زانکۆیی کە رێگەیان پێنادرێت پیادەکردنی پیشەکەیان بکەن لە دەرەوەی کاتی دەوامی رەسمی لە ئەندازیاران و ئە وانەی کە ئەنجومەنی وەزیران بریاری پێدانی دەرماڵەی ناوبراویان بۆ دەدات لە کارمەندە هونەرییەکان بەرەچاوکردنی بارودۆخی کارکردنیان.

ج- دەرماڵەی میوانداری بۆ موتەسەرفەکان (پارێزگارەکان) و یاریدەدەرەکانیان و قائیمقامەکان و بەرێوەبەری ناحیەکان کە مانگانە (٤٠) دینار زیاتر نەبێت بەپێی رێنماییەك کە وەزارەتی ناوخۆ و بەرەزامەندی وە زارە تی دارایی دەریدەکات .

٢- دەرماڵەی ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەکانیان زیاترە لە مووچە ی لای سەرووی پلەی یەکەم بە دەر دەکرێن لە ئەحکامەکانی ماددەی دووەم لە یاسای دەرماڵەکانی فەرمانبەرانی دەوڵەت و (مستخدم)ەکان ژمارە ٢٦ ی سالی ١٩٥٣ ی هە موارکراو.

[17] د. دانا رەئوف حەمەکەریم و د. دانا عەبدولکەریم سەعید، سەرچاوە پێشوو، ل٢٤٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە بە پێی خشتەی مووچەو دەرماڵەکان کە لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دا هاتووە دەرماڵەی خێزانی بۆ ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بڕی (٧٠٠٠٠) هەزار دیناری عێراقییان بۆ خەرج دەکرێت، وە بڕی (١٥٠٠٠) هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر منداڵێک خەرج دەکرێت تاکو چوار منداڵ[18].

## ب- دەرماڵەی بڕوانامەی زانستی

بریتیە لەبڕێك پارە کە خەرجدەکرێت بۆ ئەو فەرمانبەرەی بڕوانامەیەکی زانستی دیارکراوی هەیە، ئەم بڕە بەشێوەی پلەبەند بەرزدەبێتەوە بەزیادبوونی مووچەی بنەڕەتی سەبارەت بە فەرمانبەری خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی تا دەگاتە بڕوانامەی دکتۆرا لەپسپۆڕیەکی دیاریکراودا[19].

## ت. دەرماڵەی کاری سەرەرایی

ئەم دەرماڵەیە کاتێك دەدرێت بەفەرمانبەر کە ڕائەسپێردرێت بەکارکردن زیاتر لەو کاتژمێرانەی کارکردن کە یاسا بۆ کاتەکانی دەوامی فەرمی دیاری کردووە، ئەمەش وەك قەرەبوونەوەیەك بۆ ئەو هەوڵ وتێکۆشانە زیادەی کەفەرمانبەر ئەنجامی دەدات لە دوای کاتی دەوامی خۆی، لەسەر ئەو بنەمایەش یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو لە عێراق کاتی کارکردنی زیادەی فەرمانبەرانی دیاریکردووە کە نابێت ڕۆژانە فەرمانبەر لە سێ کاتژمێر زیاتر کار بکات،وە ئەم دەرماڵەیەش بە گوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی خەرج دەکرێن[20].

---

[18] بڕوانە خشتەی مووچە لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.

[19] مازن محمد طاهر حسين الحسيني، الطبيعة القانونية للعلاقة بين الموظف والإدارة العامة، دراسة مقارنة، لطبعة الاولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٦، ص١٠٠.

[20] غازي فيصل مهدي، تعليقات على أحكام القضاء الإداري في العراق، الطبعة الاولى، مكتبة القانون والقضاء، بغداد، ٢٠١٣ ، ص ٥٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### پ. دەرماڵەی ترسناکی

ئەم دەرماڵەیە دەدرێت بەفەرمانبەر كاتێك كە یاسا بڕیاردەدات بەوەی وەزیفیەكی دیاریكراو (ترسناك) تایبەت هەیە لەكاتی پەیرەوكردنیدا، لەبەر ئەوە دەدرێت بەو فەرمانبەرانەی كە ئەو وەزیفەیە پەیرەو دەكەن[21].

### ج. دەرماڵەی پایەی وەزیفی

ئەم دەرماڵەیە دەدرێت كاتێك كەفەرمانبەرەكە رادەسپێردرێت(تكليف) دەكرێت بەگرتنە ئەستۆی پایەكی وەزیفی دیاركراو وەك ( بەرێوەبەری بەڕێوبەرایەتی، بەڕێوبەری بەش، بەڕێوبەری هۆبە) كە ئەمەش بەرێژەی سەدی دیاریكراوە لەمووچەی بنەرەتی فەرمانبەر دیاری دەكرێت[22].

### ح- دەرماڵەی بەدەركردن (المخصصات الإستثنائية)

ئەم دەرماڵەیان تایبەتە بە ئەفسەرانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ كە پلەكانیان لە پلەی لیوا و فەریقن بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دینار دەرماڵەی بەدەركردن بۆ پلەی لیوا خەرج دەكرێت و بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ پلەی فەریق خەرج دەكرێت، بەپێی خشتەی مووچە و دەرماڵەكانی ئەندامانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ هەمووركراو.

د. دەرماڵەی خواردن

---

[21] مروان زيدان خليفة القيسي، إنهاء خدمة الموظف العام، دراسة مقارنة، دار الجامعة العربية، الإسكندرية، مصر، ٢٠٢٠، ص ٧٠.

[22] د. علي سعد عمران، الحقوق المالية لموظفي الخدمة المدنية، قراءات في القوانين العراقية، لێكۆڵینەوەكە بڵاوكراوەتەوە لەسەر پێگەی ئەلیكترۆنی: http://law.uokerbala.edu.iq ڕێكەوتی سەردانیكردن: ٢٠٢٥/٣/٨

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێکە لە دەرمەڵەکان تایبەتە بە پیاوانی پۆلیسی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە بەپێی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش بڕی (٣٣٠٠٠٠) هەزار دیناری عێراقی خەرج دەکرێت بەبێ ڕەچاوکردنی پلەکانیان[23].

**لقی دووەم: مافی وەرگرتنی سەرمووچەی ساڵانە**

مەبەست لێی ئەو زیادەیە لە مووچەدا کە دەخرێتە سەر مووچە بەشێوەیەکی ساڵانە و بەپێی پێوەرە یاساییەکان و بەرێژەی براوە بۆ پلە وەزیفییە جیاوازەکان، یاخود ئەو گۆرانکارییەیە کە بەسەر مووچەی فەرمانبەردا دێت لە زیادبوونی مووچەکە لە هەمان پلەی وەزیفیدا تا دەگاتە گەیشتنی ماوەی یاسایی پلە بەرزکردنەوە بۆ پلەی دواتر، یەکێک لە بابەتە گرنگە داراییەکان بریتییە لە سەرمووچە، کە ساڵانە بە ڕێژەیەکی دیاریکراو بە مووچەکە دەبەسترێتەوە بەپێی مووچەکەی، لەسەر بنەمای پێشنیاری بەرپرسە ڕاستەوخۆکەی [24]، سەرمووچەی ساڵانە گرنگە بۆ دیاریکردنی بڕی مووچەی فەرمانبەر، چونکە ساڵانە بڕێک لە مووچەکەی بۆ زیاد دەکرێت، بۆیە دیاریکردنی بڕی مووچەی فەرمانبەر بەپێی ژمارەی ساڵانی خزمەت دەبێت لەهەر پلەیاکدا[25].

پاداشتی ساڵانە هاندەرێکە بۆ فەرمانبەر بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی، بە تایبەتی لە دوای سزا دیسپلینییەکان دەبێتە هۆی دواخستنی پلە بەرزکردنەوە بۆ ئەو ماوانەی کە بەپێی هەر سزایەکی دیسپلینیی کە لە یاسای دیسپلینیی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتیدا ژمارە(١٤) سالی ١٩٩١ باسکراوە، وە سەرمووچەی ساڵانە بەپێی برگەکانی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە(٢٢) سالی ٢٠٠٨ دەدرێت[26].

---

[23] بڕوانە خشتەی مووچەی ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەمووارکراو.

[24] مادەی (٨) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەمووارکراو.

[25] مروان زيدان خليفة القيسي، إنهاء خدمة الموظف العام، دراسة مقارنة، دار الجامعة العربية، الإسكندرية،مصر، ٢٠٢٠، ص ٧٠.

[26] د عباس مجيد الشمري، العلاوة السنوية للموظف وشروط استحقاقها في القانون العراقي، بڵاوكراوەتەوە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی: http://m.ahewar.org ڕێکەوتی سەردانیکردن : ٢٠٢٥/٣/٤.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لقی سێیەم: مافەکانی لە خانەنشین بوون**

پیاوانی پۆلیس مافی خۆیانە دوای کۆتایی هاتنی خزمەتەکەیان سودمەند بن لە هەندێک مافی دارایی، هەروەک چۆن لە کاتی خزمەتکردندا سوودیان لێ وەرگرتووە دیارترینیان مووچەی خانەنشینی و ئەو دەرماڵانەیە کە هاوپێچن لەگەڵید[27]، ئەگەر مەرجەکانی شایستەبوونی لەڕووی ماوەی خزمەتی پێویستەوە یان لەڕووی تەواوکردنی ئەو تەمەنەی کە بۆ خەرجکردنی ئەو خزمەتە دیاریکراوە، بە لەبەرچاوگرتنی هەندێک حاڵەتی کۆتاییهێنان بە خزمەتەکەی بۆ کەمکردنەوەی ئەم مافانە، یان پێنەدانیان بە شێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی[28]، مووچەی خانەنشینی و دەرماڵە پەیوەندیدارەکانی لە گرنگترین مافەکانی خانەنشینیدان کە فەرمانبەری خانەنشینکراو لێی بەهرەمەندە[29]، بۆ لێکۆڵینەوە کردن لەو بابەتە لە خوارەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆ باس لە هەر یەک لە مووچەی خانەنشینی و دەرماڵەکانی خانەنشینی دەکەین بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم: مووچەی خانەنشینی**

مووچەی خانەنشینی یەکێکە لە گرنگترین مافە داراییەکان کە پیاوانی پۆلیس لێیەوەی بەهرەمەند دەبن دوای کۆتایی هاتنی خزمەت ئەگەر مەرجەکانی شایستەیی کە لەلایەن یاسادانەرەوە دیاری کراوە هەبێت[30]، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێساکانی تایبەت بە خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە خوارەوە سەرەتا ڕێساکانی تایبەت بە خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ڕوون دەکەینەوە بە پشت بەستن بە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی

---

[27]عثمان سلمان غيلان العبودي، أخلاقيات الوظيفة العامة، دراسة مقارنة، الطبعة الأولى، منشورات الحلبي لحقوقية، بيروت، ٢٠١٤، ص٦٨.

[28]هاني علي الطهاوي، القانون الإداري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ص ٣٢.

[29]محمد جمال الذنيبات، الوجيز في القانون الإداري، الدار العلمية الدولية، عمان، ٢٠١٣، ص ٣٤٠.

[30]علي محمد بدير وياسين السلامي وعصام عبد الوهاب البرزنجي ، مبادئ واحكام القانون الإداري، الطبعة الرابعة، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٩ ، ص٩٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەمووارکراو، پاشان ڕێساکانی خانەنشین کردنیان بە پێی یاسای خانەنشینکردنی یەکگرتوو ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١٤ هەمووارکراو، بەم شێوەی خوارەوە:

**١- مووچەی خانەنشینی پیاوانی پۆلیس بە پێی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:**

مووچەی خانەنشینی بەپێی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بریتییە (لە مووچەی مانگانە کە خانەنشین شایستەیەتی) [31]. پیاوی پۆلیس مافی خانەنشینی هەیە ئەگەر خزمەتی خانەنشینی (١٥) پانزە ساڵ یان زیاتربووو، بەڵام ئەگەر خزمەتەکەی لەوە کەمتر بوو، ئەوا پاداشتی خانەنشینی پێدەدرێت، تەنها لەو حاڵەتانە نەبێت کە بڕگەیەکی تایبەت لە یاسادا هەبێت[32]. مافی خانەنشینی (مووچەی خانەنشینی و پاداشتی خانەنشینی)ی پیاوی پۆلیس یان میراتگرەکەی بەپێی بڕگەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو هەژماری بۆ دەکرێت، جگە لەوەی کە لە بڕگەکانی یاسای خزمەت و خانەنشینی بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا هاتووە، وەهەروەها یاسادانەر دەقی لەسەر دووبارە هەژمارە کردنی مووچەی خانەنشینی داوە بۆ پیاوی پۆلیس یان میراتگرەکەی کە پێش دەرچوونی یاسای خزمەت و خانەنشینی خانەنشین کراون، بۆ میراتگری پۆلیسی شەهید کە پێش ٢٠٠٣/٩/٤ شەهید بووە، لەسەر بنەمای مووچەی ئەو پلەیەی کە بەپێی بڕگەی (دووەم) لە مادەی (٨)ی یاسای خزمەت و خانەنشینی دیاری کراوە بۆی هەژمار دەکرێتەوە بەو مەرجەی ئەو مووچەی بۆ هەژمار دەکرێت کەمتر نەبێت لەو مووچەی خانەنشینییەی کە پێش دەرکردنی خانەنشینی وەریدەگرت [33].

---

[31] مەبەست لە خانەنشین بریتییە لە (پیاوی پۆلیس کە خانەنشین دەکرێت بەرامبەر خزمەتەکەی شایەنی موچەی خانەنشین یان پاداشتی خانەنشین). بڕوانەی دەقی مادەی (١/ بیستەم، بیست و چوارەم) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەمووارکراو.

[32] بڕوانە مادەی (٤١) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی هێزەکانی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەمووارکراو.

[33] بڕوانە مادەی (٤٤) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی هێزەکانی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەمووارکراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە پشتبەستن بە دەقی مادەی (٤٥) لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەمواركراو کە تێیدا هاتووە ئەگەر پیاوێکی پۆلیس ڕەوانەی خانەنشینی بکرێت، ئەوا شایستەی وەرگرتنی پاداشتی کۆتایی خزمەتەکەی دەبێت ، جگە لەوەی کە مافی خۆیەتی لە مووچەی خانەنشینیدا، بەمەرجێک خزمەتی خانەنشینیەکەی کەمتر نەبێت لە (١٥) پانزە ساڵ، ئەوەی لە یاسای سەرەوەدا بە شێوەیەکی ڕەها هاتبوو بەبێ ئەوەی تەمەنێکی دیاریکراو دیاری کردبێت، ئەوەی لەو مادەیەی سەرەوەدا هاتووە بە ڕەهایی ١٥ ساڵ ماوەی خزمەتی خانەنشینی دیاری کردووە بەبێ دیاری کردنی تەمەنی خانەنشینی.

بەو پێیەیەش مادەی (٣٨/یەکەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوودا دەقی داوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هەموو دەقە یاساییەکانی لە یاسا و ڕێنمایەکاندا کە ڕێسای تایبەت لەخۆ دەگرن سەبارەت بە مووچەی خانەنشینی و پاداشتەکانی خانەنشینی، بۆیە بڕگەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو جێبەجێ دەکرێت لەسەر هەموو فەرمانبەرانی دەوڵەت، تەنانەت ئەوانەی پێش ٢٠٠٣/٤/٩ دامەزراون[34]، ئەو هەڵوەشاندنەوەیەی کە لە مادەی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە، هەڵوەشاندنەوەیەکی ئاشکرای پەیڕەوی یاسایی پێشووە کە ئەو مافانە ڕێکدەخات، ئەمە جگە لەوەی یاسادانەر لە چوارچێوەی یاسای خانەنشینی یەکگرتوودا سەر لە نوێ پرسی مافی خانەنشینی ڕێکخستووە و لێرەشدا بنەمای یاسایی تایبەت یاسای گشتی سنووردار دەکات ناتوانێت لەسەری پیادە بکەین، بەتایبەتی کە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو نوێترینە لە ڕووی بەرواری دەرچوون و جێبەجێکردن، وە جگە لەوەش بە ڕوونی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو دەقی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم دەقەکانی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییەکان پەیوەست بە خانەنەشینی (مووچە یان پاداشتی خانەنشینی) کە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو بێت.

(34) بڕیاری دادگای پێداچونەوەی فیدڕاڵی بە ژمارە (٣٤٥١/ الهيئة المدنية/ 2020 ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٦. وەرگیراوە لە ؛ رائد كاظم سكران هاشم و أ.د. وليد خشان زغير، التنظيم القانوني للحقوق المالية لرجل الشرطة بعد انتهاء الخدمة، مجلة القانون للدراسات والبحوث القانونية، المجلد ١٥، العدد ٢٥، ٢٠٢٢، ل ٢٤٥.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢- مووچەی خانەنشینی پیاوی پۆلیس بەپێی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو:**

یاسادانەری عێراق پرسی شایستەی مووچەی خانەنشینی لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوودا ڕێکخستووە، لە چوارچێوەی بەشی حەوتەمدا پەیوەستە بە تەرخانکردنی مافی خانەنشینی و هەژمارکردنیان بۆ فەرمانبەر[35] هەروەها لە بەشی نۆیەمی پەیوەندیدار بە خانەنشینی جێنشین (جێنشین واتە ئەندامانی خێزانی فەرمانبەرەکە یان ئەو خانەنشینە کە لەکاتی مردنیدا لە خۆیدا گرتووە بە پێی برگەی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو یان هەر یاسایەکی تر )[36]، بە پێی ئەوەی کە هاتووە لە مادەی (٢١)دا ئەو کەسەی ڕەوانە دەکرێت بۆ خانەنشینی شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت[37] ئەگەر خزمەتی خانەنشینی لە (15) پانزە ساڵ کەمتر نەبێت، وە هەروەها پێویستە تەمەنی (٤٥) چل و پێنج ساڵی تەواوکردبێ، وە هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە لە هەموو حاڵەتەکاندا نابێت بۆ ماوەی پێش بەرواری تەواوبوونی تەمەنی دیاریکراو خەرج بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاسادانەر هەندێک حاڵەتی دیاریکراوی بەدەر کردووە ئەوانیش (مردن، شەهیدبوون، ڕەوانەکردنی خانەنشینی بە هۆکاری تەندروستی، ئەو کارمەندە ژنەی کە هاوسەرەکەی مردووە، بێوەژن یان جیابووەوە کە سەرپەرشتیاری منداڵەکانییەتی ...) کە شایستەکانیان بۆ خەرج دەکرێت بەبێ پابەندبوون بە تەمەنی دیاریکراو بۆ خانەنشینی[38].

---

(35)چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو بەم شێوەیە پێناسە کراوە (هەر کەسێک کە وەزیفەیەکی مەدەنی یان سەربازیی پێ سپێردراوە، یان لە چوارچێوەی هێزە ئەمنییەکان، یان بەرپرسیارێتی خزمەتێکی گشتیی پێ سپێردراوە، وە مووچە یان کرێ، یان پاداشتێک لە دەوڵەت وەردەگرێت، وە بەشدارییەکانی خانەنشینی لێ دەبڕدرێت) بڕوانە مادەی (١/حەوتەم) یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو.

(36) بەپێی ئەو پێناسەی کە هاتووە لە مادەی(١/ پانزەهەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو.

(37) بەپێی ئەو پێناسەی کە هاتووە لە مادەی(١/ پانزەهەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٩) ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو.

(38) بڕوانە دەقی مادەی (٢١/یەکەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو. دەقی نوێی ئەم بڕگەیە جێگەی ئەو دەقە دەگرێتەوە کە بەپێی برگەکانی ماددەی (٥)ی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠١٩، یەکەم هەموارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤، کە لە ڕۆژنامەی عێراقی ژمارە ٤٥٦٦ لە ٢٠١٩/٩/١٢ بڵاوکراوەتەوە، کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٣١ەوە ئەم یاساییە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن بەپێی مادەی (١٨) لە یاساکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسادانەر دەقی لەسەر هەژمار کردنی موچەی خانەنشینی بەم شێوەی خوارەوە[39]:
(موچەی خانەنشینی = تێکڕای مووچە x 2.5 x (ژمارەی مانگەکانی خزمەت / 12) / 100).

بەپێی ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە، مووچەی خانەنشینی دەرئەنجامی ئەوانە دەگرێتەوە: ئەنجامی تێکرای مووچە (تێکڕای مووچەی کار لە ماوەی (٣٦) سی و شەش مانگی دوایین خزمەتی خانەنشینیدا) [40] پاشان جارانی ڕێژەی کەڵەکەبووی (2.5%) پاشان جارانی ژمارەی ساڵانی خزمەتی خانەنشینی (ئەو ماوەی خزمەتەی کە بۆ مەبەستی خانەنشینی بەپێی دابینکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو حیسابی بۆ دەکرێت یان هەر یاسایەکی تر و کە لێبڕینی خانەنشینی بۆی دراوە)[41].

ماوەی خزمەتکردن تا (٦) شەش مانگ یان زیاتر بە ساڵێکی تەواو دادەنرێت بۆ مەبەستی جێگیرکردن لە بڕگەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو[42].

جگە لە هەموو ئەوانەی سەرەوە،بە ئاماژەدان بە هۆکارەکانی دەرکردنی یاساکە، بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەر هەوڵی داوە بارودۆخی ژیانی خانەنشینان باشتر بکات، هەروەها بنەمای گرتنەوەی یاساکە فراوانتر بکات بۆ زۆرترین لەچینەکان[43].

یاسادانەر کەمترین بڕی مووچەی خانەنشینی بۆ پیاوی پۆلیس دیاری کردووە، کە نابێت کەمتر بێت لەو ڕێژەیە، کە بڕی (٤٠٠،٠٠٠)چوار سەد هەزار دینارە مانگانە، هەروەها خانەنشینکراوەکە دەرماڵەی ژیان و دەرماڵەی بڕوانامەی پێدەدرێت، بەجۆرێک کۆی ئەو بڕە پارەیەی کە وەریدەگرێت لە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت لە مانگێکدا.

هەروەها زۆرترین ڕێژەشی داناوە کە موچەی خانەنشینی نابێت لەسەد لە سەدی دوایین مووچەی کە پیاوی پۆلیس لە کاتی خزمەتی خانەنشینیدا وەریگرتووە زیاتر بێت، مەگەر دەقێک

(39) بڕوانە مادەی (٢١/دووەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو
(40) بڕوانە مادەی (١/حەفدەهەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو
(41) بڕوانە مادەی (١/نۆزدەهەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو
(42) بڕوانە مادەی (٢١/دووەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو
(43) رائد كاظم سكران هاشم و أ.د. وليد خشان زغير، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەبێت کە بە پێچەوانەوە هاتووە [44].مووچەی وەزیفی ئەو مووچەیە کە فەرمانبەرەکە لە کاتی خزمەتی خانەنشینیدا بەبێ دەرماڵە وەریدەگرت[45].

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە حاڵەتەکانی دەستکاریکردنی مووچەی وەزیفی لە دوای ڕەوانەکردنی بۆ خانەنشین بوون کاریگەری یاسایی دروست ناکات، چونکە دۆخی یاسایی دوای خانەنشینی بۆ خانەنشینکراوەکە جیاواز بووە لە دۆخی یاسایی فەرمانبەر لە کاتی خزمەتدا، هەروەها دەستکاریکردنی مووچەی وەزیفەکەی هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، هەر وەک لە نوسراوی فەرمانگەی ئەو فەرمانبەرەی ڕەوانەکراوە بۆ خانەنشین بۆ دەستەی خانەنشینی ناردووە کە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرەکەی لەخۆوە گرتووە، لێرەدا ناتوانرێت جارێکی دیکە مووچەی خانەنشینی بەپێی هاوکێشەی سەرەوە هەژمار بکرێتەوە، چونکە ئەم پلە بەرزکردنەوە شوێنەواری یاسایی لەسەر مافەکانی خانەنشینی نابێت [46].

**دووەم: دەرماڵەکانی خانەنشینی**

زۆربەی ئەو یاسایانەی کە کاروباری خزمەت ڕێکدەخەن تەنها لە دیاریکردنی مووچەدا ناوەستن، بەڵکو لەوە تێدەپەڕن بۆ پێدانی هەندێک زیادکردنی دارایی کە یارمەتی فەرمانبەرەکە دەدات بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانی و زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگییە ئابوورییانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یان بە فەرمانبەرەکە دەدرێن بۆ جیاکردنەوەی لە فەرمانبەرانی دیکە چونکە سروشتی ئەو کارەی کە پراکتیزەی دەکات مەرجی هەیە کە جیاوازە لە مەرجەکانی کاری وەزیفی تەقلیدی، ئەمەش پێویستی بە پێدانی ئەو چینە لە فەرمانبەران هەیە ئیمتیازاتی ماددی کە لەگەڵ

---

[44] بڕوانە مادەی (٢١/چوارەم/ پێنجەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەمووارکراو

[45] بڕوانە مادەی (١/شازدەهەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەمووارکراو

[46] بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی بە ژمارە (١٠٥٧/ الهیئة المدنیة/ ٢٠٢١  ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٩. وەرگیراوە لە ؛ رائد کاظم سکران هاشم و أ.د. ولید خشان زغیر، التنظیم القانوني للحقوق المالیة لرجل الشرطة بعد انتهاء الخدمة، مجلة القانون للدراسات والبحوث القانونیة، المجلد ١٥، العدد ٢٥، ٢٠٢٢، ل ٢٤٨.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سروشتی ئەو کارە وەزیفە وئەرکانەی کە ئەنجامی دەدەن یان ئەو بڕوانامانەی کە هەڵیانگرتووە یەکدەگرێتەوە[47]. بەپێی ئەم وردەکاریانەی خوارەوە:

**١- بڕیارەکانی پێدانی دەرماڵەی تێچووی ژیان:**

یاسادانەری عێراق پرسی پێدانی ئەو دەرمالانەی لە چوارچێوەی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو و لە مادەی (35/نۆیەم) ڕێکخستووە، یاسادانەر لەوەشدا دەقی داوە لەسەر پێدانی دەرماڵەی ژیان بە خانەنشینان بە ڕێژەی (١%) لەسەدا یەک لە مووچەی خانەنشینی، بۆ هەر ساڵێکی خزمەتکردن، بە مەرجێک ئەو دەرمالانە ئەو خانەنشینانە نەگرێتەوە کە مووچەی خانەنشینی وەردەگرن لەسەر بنەمای کۆی مووچە و دەرماڵەکان [48].

شایەنی باسە یاسادانەری عێراق دەرماڵەی باشترکردنی ئاستی ژیانی بە پیاوی پۆلیسی خانەنشیش بەخشیوە ئەگەر مووچەی خانەنشینی لە ئاستی کەمترین مووچەی خانەنشینیدا بێت کە (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار بێت، بەجۆرێک کۆی گشتی ئەوەی لە مووچەی خانەنشینی و دەرماڵە (باشترکردنی ئاستی ژیان، بڕوانامە) لە (٥٠٠٠٠٠) هەزار دینارکەمتر نەبێت مانگانە[49].

**٢- پێدانی دەرماڵەی بڕوانامە**

یاسادانەر دەرماڵەی بڕوانامەی خانەنشینی بەو کەسانە بەخشی کە خاوەنی بڕوانامەی تایبەت یان هاوتاکانیان بوون لە پێش یان لە کاتی وەزیفی بەدەستی هێناون، بەپێی ڕێژەیەک لە مووچەی خانەنشینی دەرماڵەی بڕوانامەی بە ڕێژەی لەسەدا (٥%) بۆ خاوەن بڕوانامەی دبلۆم، بە ڕێژەی لەسەدا (١٠%) بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بە ڕێژەی (١٥%) بۆ خاوەن

---

(47)يوسف إلياس، المرجع العملي في شرح قوانين الخدمة المدنية والانضباط والتقاعد المدني، دار التقني للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٠، ص ٢١٠.

(48) بڕوانە مادەی (٣٥/نۆیەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو.

(49) بڕوانە مادەی (٢١/چوارەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو.

بڕوانامەی دیبلۆمی باڵا و ماستەر، لەکاتێکدا خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا دەرماڵەی بڕوانامەیان پێدەدرێت بە لە (٢٠%) لەسەدا بیست[50].

بە سەرنجدان بەوەی کە هەژمارکردنی ئەم بڕوانامانە دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی فەرمانگەی فەرمانبەر و ناچێتە ژێر دەسەڵاتی دەستەی خانەنشینی نیشتمانی [51]، مەحاڵە دەرماڵەی بڕوانامەکان دوای خانەنشینبوون هەژمار بکرێت ئەگەر بەکارنەهێنرابێت لەکاتێکدا فەرمانبەرەکە لە خزمەتدا بووە [52].

لەکۆتایی ئەم باسەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە کەمترین مووچەی خانەنشینی بۆ پیاوی پۆلیس (٤٠٠٠٠٠) هەزار دینارە وە دوای زیادکردنی دەرماڵەی بڕوانامە و باشترکردنی بارودۆخی ژیان دەبێتە (٥٠٠٠٠٠) هەزار دینار، بۆیە داوا لە یاسادانەر دەکەین کە گەرەنتی ئاستێکی قبوڵکراوی مووچەی خانەنشینی بۆ ئەو پیاوی پۆلیسە بکات کە گەرەنتی ژیانێکی شایستە و ژیانێکی ئاسوودەی بۆ دەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی زۆربەی تەمەنی گەنجی و ساڵانی تەمەنی بە ئەنجامدانی ئەرکی شەرەفمەندانەی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی وڵات و پێشکەشکردنی خزمەتیە پێویستەکان بۆ کۆمەڵگە بە گشتی بەسەربردووە، بە تایبەتی ئەگەر بزانین ژمارەی شەهیدانی وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی ٢٠٠٣وە گەیشتووەتە (٢٩،٣٠٠) هەزار شەهید، هاوکات ژمارەی بریندارەکانیش گەیشتووەتە (٤٥ هەزار) هەزار بریندار[53]، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سروشتی ئەرکەکان و ئەو مەترسییەی کە پیاوی پۆلیس لە عێراقدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا، ناتوانرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ سروشت و ئەرکی کاری مەدەنی لە فەرمانگە حکومییەکانی تردا.

---

(50) بڕوانە مادەی (٣٥/دەیەم) لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤ هەموارکراو.

(51) رائد کاظم سکران هاشم و أ.د. ولید خشان زغیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.

(52) هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

(53) ئەم ئامارانە تا 13ی 1ی 2022 بووە، بەپێی ئاماری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و بریندارانی لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئاژانسی هەواڵی عێراقی خستووەتەڕوو، و لە ماڵپەڕی ئاژانسەکەدا بڵاوکراوەتەوە، لە کات و بەرواری سەردانەکەدا ٣٢٠٢٥/١٣، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی . https://www.ina.iq

لە کۆتایدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو سیستەمە یاساییەی کە حوکمی مافەکانی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناخۆ دەکات لە هەرێمی کوردستان- عێراق هەمان ئەو سیستەمە یاساییە کە بەرکارە لەعێراق لەگەل هەبوونی جیاوازی کەم لەنێوانیاندا.

## کۆتایی

لەکۆتایی ئەم لێکۆلینەوەماندا گەیشتین بە کۆمەلێك لە دەرنجام وپێشنیار گرینگترنیان ئەمانەی خوارەوەن:

### یەکەم: دەرنجامەکان

1- ئەو سیستەمە یاساییەی کە حوکمی مافەکانی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناخۆ دەکات هەمان ئەو سیستەمە یاساییە کە بەرکارە لەعێراق لەگەل هەبوونی جیاوازی کەم لەنێوانیاندا.

2- بەشی زۆری ماف و ئەرکەکانی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دیارکراوە بەشێوازێکی زۆر لەرێگەی دەقەکانی یاساو وپەیڕەوەکانی پەیوەندار بەخزمەت لەبواری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دیاری کراوە لەگەل دیاریکردنی بەشێکی کەم لە یاسای خزمەتی شارستانی وەرگیراوە.

3- لە ڕووی کردارییەوە جیاوازی هەیە لە بەخشینی مافەکان بە ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە نێویشیان دا پلە بەرزکردنەوە وپایە بەرزکردنەوە ئەوانی تریش, کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی دەروونی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کەم کردنەوەی مۆراڵ و دڵسۆزیان بۆ دەزگاکان و خراپی لە شێوازی کاکردن و ئەنجامەکانیان.

4- تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەهەرێمی کوردستانی عێراق سەرەتا ملکەچ ببوون بۆ یاسای خزمەت وخانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناخۆ ژمارە (١٨) سالی ٢٠١١ هەموارکراو،  لەکاروبارەکانی پەیوەندیدار بە خزمەت وخانەنشینی ومافەکان وە لەپاشان ملکەچ بوون بۆ حوکمەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە (٩) سالی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٢٠١٤ بەتایبەت لەمافی خانەنشینیان وە ئەم یاسای کۆتایەش جێگای ڕەزامەندی ئەم توێژەن بەهۆی ئەم پێوەرانەی کەهاتووە لەم یاسایە، کە لەم یاسایەش بەپێی ماددەی(٣٨/یەکەم) سەرجەم دەقەکانی پەیوەندیدار بەخانەنشینی و شایستەکانی خانەنشینی و پاداشتەکان کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەن هەڵوەشاندۆتەوە.

5- تێبینی دەکرێت کە لەسەرخۆ ودواکەوتن هەیە لەڕێو شوێنە کارگێرییەکان لەحاڵەتی ڕەوانەکردنی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ خانەنشینی بۆ وەرگرتنی مافە داراییە شایستەکانیان لە کاتێکدا بەدەستهێنانی مافە داراییەکانیان پێویستیەکە بۆ پرکردنەوەی بژێوییەکانی ژیانیان بۆ بەرێوەچوون وبەردەوامی ژیانیان.

6- تاکەکانی هێزەکانێ ئاسایشی ناوخۆ جگە لەهەبوونی مافە دارایی ونادارایییەکان هەندێکد مافی تریان هەیە بەپێی سروشتی کار وئەرکەکانیان وەردەگرن لەوانە مافی هەڵگرتنی چەك بۆ بەرگری کردن لە خۆیان لە حاڵەتی هەبوونی رووبەرووونەوەی مەترسی لەبەهۆکاری وەزیفەکەیان، لەلایەکی ترەوە ئەندامی ڕێکخستنی دادوەری پاڵپشت بە ماددەی (٣٩) لە یاسای بنەماکانی دادگایکردنی ژمارە (٢٣)سزای ١٩٧١ هەموارکراو.

7- یاسادانەری عێراقی لە یاسایی خزمەت وخانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) سالی ٢٠٠١ هەموارکراو لە ماددەکانی (٩و١٠) ئاماژەی داوە بەوەی شایستەی پایە بەرزکردنەوەی ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەڵام تێبینێ دەکەین لەم دوو ماددەیە ئاماژەی نەداوە بە حاڵەتی هەبوونی هەندێك ئەفسەر کە گەڕاونەتەوە بۆ خزمەت کە پێشتر پراکتزەی کارەکانیان کردووە چینە پێش ٢٠٠٣ کە چۆنیەتی هەژماکردنی خزمەتی پێشوویان دیاری نەکردووە بۆ مەبەستی پایە بەرزکردنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دووەم : پێشنیارەکان**

1- پێشنیار دەکەین کە مامەڵەکردن بەشێوەیەکی یەکسان بێت لەگەل سەرجەم کارمەندان و ئەفسەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ بەدیهێنانی دادگەری وە جێ بەجێکردنی پێوەرە یاساییەکان لەکاتی هەژمارکردنی مافە دارایی و ناداراییەکان وەك گرێنتی کردنی مافەکانیان بەشێوەیەکی دادگەری و ڕوون و ئاشکرایی (شەفافیەت).

2- پێشنیار بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەکەین پێویستە پابەندی سەرجەم فەرمانگە ودامەزراوەکانی سەر بە وەزارەت بکات بە شێوازێکی خێرا ڕێوشوێنەکانی پەیوەست بە ڕەوانەکردنی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ خانەنشینی بۆ تەواوکردنی مامەڵەکردنی وە ڕەوانەکردنیان بۆ دەستەی خانەنشینی لەماوەیەکی دیاری کراودا، ئێمە پێمان باشە ئەم ماوەیە لە (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ تێپەرنەکات، بۆ گەیشتنیان بە مافە داراییەکانیان بۆ پرکردنەوەی پێویستەکانیان بۆ بەردەوامی خۆیان و ئەندامانی خێزانەکانیان.

3- پێشنیار دەکەین سوود ببینرێت لە تەکنیکی زانستی نوێ و پیادەکردنی تۆرو بەرنامەی ئەلکترۆنی لە چوارچێوەی حوکمەتی ئەلکترونی لە بواری بەخشینی مافە دارایی و ناداراییەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، وە هەروەها هەژمارکردنی مافەکانی خانەنشینیەکان و خزمەت وە بگونجێت لەگەل داواکارییەکانی سەردەمی نوێ و گونجانی لە پێشکەوتنەکانی بەدەستهاتوو لەم بوارەدا.

4- پێشنیار بۆ یاسادانەری کوردستانی دەکەین کە پێداچوونەوە بە زنجیرەی مووچە و سەرمووچەی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە شێوازێك بگونجێت لەگەل ژیانی ئاسایش و ئەندامانی خێزانەکانیان بە شێوەیەك گونجاو بێت لەگەل باردۆخی ئابووری گۆڕاو بەشێوازێکی گشتی لە دەوڵەت. وە لەگەل ڕەچاوکردنی سەرجەم مەترسی و ئەرکیان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی بەجێگاندنی ئەرکەکانیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتەکانیان کە ئەمەش جیاوازی زۆری هەیە لەگەل ئەرکەکانی فەرمانبەری شارستانی بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: کتێب

أحمد عبد على الجبوري،احكام الخدمة في قوى الامن الداخلي والحقوق المرتبتة عليها، مجلة كامبريدج للبحوث والمؤتمرات، العدد ٣٩، ٢٠٢٤.

د.زانا رەئوف حەمەکەریم و د. دانا عەبدولکەریم سەعید، بنەما گشتیەکان لە یاسای کارگێڕیدا، کتێبی یەکەم، چاپی دووەم، کتێبخانەی یادگار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی یاسایی، ٢٠٢٠.

صالح أحمد صالح يوسف، انتهاء خدمة الموظف العام في القانون المقارن، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية، مصر ٢٠٢١.

عثمان سلمان غيلان العبودي، أخلاقيات الوظيفة العامة، دراسة مقارنة، الطبعة الأولى، منشورات الحلبي لحقوقية، بيروت، ٢٠١٤.

د. عدنان عمرو، مباديء القانون الإداري، ط2، منشأة المعاريف، الاسكندرية، ٢٠٠٤.

علي محمد بدير وياسين السلامي وعصام عبد الوهاب البرزنجي ، مبادئ واحكام القانون الإداري، الطبعة الرابعة، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٩.

غازي فيصل مهدي، تعليقات على أحكام القضاء الإداري في العراق، الطبعة الاولى، مكتبة القانون والقضاء، بغداد، ٢٠١٣.

قيصر محمد العزاوي، الحماية الجنائية لشرف الوظيفة في تشريعات قوي الأمن الداخلي " دراسة مقارنة "، المركز العربي للدراسات والبحوث العلمية، مصر، ٢٠٢١.

مازن محمد طاهر حسين الحسيني، الطبيعة القانونية للعلاقة بين الموظف والإدارة العامة، دراسة مقارنة، لطبعة الاولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١٦.

ماهر صالح علاوي الجبوري، مبادئ القانون الإداري، الطبعة الأولى، دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد، لعراق، ٢٠٠٠ .

محمد جمال الذنيبات، الوجيز في القانون الإداري، الدار العلمية الدولية، عمان، ٢٠١٣.

محمد سامي مظلوم، الإطار القانوني للنظام الإنضباطي لقوى الأمن الداخلي؛ دراسة مقارنة، منشورات زين الحقوقية، لبنان، ٢٠٢٠.

محمد علي الخلايلة، القانون الإداري، الكتاب الثاني، الطبعة الثانية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠١٥.

محي الدين القيسي، القانون الإداري العام، الطبعة الأولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٧.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مروان زيدان خليفة القيسي، إنهاء خدمة الموظف العام، دراسة مقارنة، دار الجامعة العربية، الإسكندرية، مصر، ٢٠٢٠.

مروان زيدان خليفة القيسي، إنهاء خدمة الموظف العام، دراسة مقارنة، دار الجامعة العربية، الإسكندرية، مصر، ٢٠٢٠.

هاني علي الطهاوي، القانون الإداري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.

يوسف إلياس، المرجع العملي في شرح قوانين الخدمة المدنية والانضباط والتقاعد المدني، دار التقني للطباعة والنشر، بغداد، ٢٠٠٠.

## دووەم: ماستەرنامە:

جواد كاظم حميد عطية، دور مجلس الدولة حقوق الخدمة لقوى الأمن الداخلي،ماستەرنامە، کۆلێژی یاسا، زانکۆی مستنسريه، ٢٠٢٢

## سێیەم: توێژینەوە

رائد كاظم سكران هاشم و أ.د. وليد خشان زغير، التنظيم القانوني للحقوق المالية لرجل الشرطة بعد انتهاء الخدمة، مجلة القانون للدراسات والبحوث القانونية، المجلد ١٥، العدد ٢٥، ٢٠٢٢.

## چوارەم: یاسا و ڕێنمایەکان

یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.

یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو.

هەموارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١٤

## پێنجەم: بڕیاری دادگایی

بڕیاری دادگای پێداچونەوەی فیدراڵی بە ژمارە (٣٤٥١/ الهيئة المدنية/ 2020.

بڕیاری دادگای پێداچونەوەی فیدراڵی بە ژمارە (١٠٥٧/ الهيئة المدنية/ ٢٠٢١ ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٩.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێنجەم: سەرچاوەی ئەلیکترۆنی**

د. علی سعد عمران، الحقوق المالية لموظفي الخدمة المدنية، قراءت في القوانين العراقية، لێکۆڵینەوەکە بڵاوکراوەتەوە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی: http://law.uokerbala.edu.iq ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٥/٣/٨.

د. عباس مجيد الشمري، العلاوة السنوية للموظف وشروط استحقاقها في القانون العراقي، بڵاوکراوەتەوە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی: http://m.ahewar.orgڕێکەوتی سەردانیکردن : ٢٠٢٥/٣/٤.

ئاماری بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و برینداران ، لە کات و بەرواری سەردانەکەدا ٢٠٢٥/١٣/٣، لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی. https://www.ina.iq

---

# The Rights of Internal Security Forces in the Laws of Iraqi and the Kurdistan Region

**Rikan Abdullah Mohammed**
Department of law, College of law, Salahadin University, Erbil, Kurdistan region, Iraq.
Email: Rikan.mohammed@su.edu.krd

**Prof. Dr. Abdulmalik Younis Mohammed**
Department of law, College of law, Salahadin University, Erbil, Kurdistan region, Iraq.
Email: Abdulmalik.mohammed@su.edu.krd

## Abstract
The rights of individual members of the internal security forces are recognized in both material and non-material aspects. These include entitlements such as salaries, healthcare, allowances, promotions, and various financial benefits, as well as retirement rights like pensions and end-of-service rewards. Regarding non-material rights, they consist of different types of leave, special administrative orders, recognitions, and other related privileges.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

All these rights are organized and regulated by various legal texts, particularly the laws related to the service affairs of internal security forces, and the general unified laws governing the public service sector. This research aims to explain and examine these rights by defining their nature, eligibility criteria, timeframes, and the procedures for exercising them. It also considers the specific context of the Kurdistan Region and Iraq, ensuring that these rights are aligned with local legal frameworks. Furthermore, it emphasizes that the concerned authorities must implement these laws properly to guarantee the enforcement of these rights.

***Keywords:*** *Internal Security Forces, Financial Rights, Non-Financial Rights, Salary, Retirement Rights.*

# حقوق قوى الأمن الداخلي في قوانين العراق وإقليم كوردستان

**ملخص:**
إن حقوق الخدمة لأفراد قوى الأمن الداخلي تتمثل بالحقوق المالية وغير المالية، والتي تشمل على الراتب والمخصصات والمكافئات والترفيع والعلاوة وإمتيازات مالية متعددة بالاضافة إلى الحقوق التقاعدية من الراتب التقاعدي ومكافئة نهاية الخدمة. أما الحقوق غير المالية فهي متعددة منها الحق في الاجازات بأنواعها والايفادات والاوامر الإدارية الخاصة بالتشكرات والتقديرات وغيرها. فكل هذه الحقوق تنظمها نصوص قانونية مختلفة، منها قوانين تتعلق بشؤون خدمة لقوى الامن، وقوانين عامة موحدة تنظم شؤون الوظيفة للموظف العام عموماً.
فتناول هذا البحث كل هذه الحقوق من خلال التعريف بهذه الحقوق من حيث المضمون وشروط الاستحقاق، وبيان مواقيت صرف هذه المستحقات وكيفية صرفها، مع الاشارة إلى الوضع في إقليم كوردستان والعراق سويا في كل ما يتعلق بهذه الحقوق، وحيث الجهات الإدارية المختصة بضرورة التطبيق اليهم للقانون في منح هذه الحقوق.

**الكليمات المفتاحية:** قوى الأمن الداخلي، حقوق المالية، حقوق غير المالية، الراتب، حقوق التقاعدية.